www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 22:51 29-9-2006

# خورافەو كاریگەری لەسەر تاكی كورد!! ... هەستیار غەمگین



بەو پێیەی كۆمەڵگای ئێمە كۆمەڵگایەكی سونەتی و تەقلیدیە تائەندازەی ئەو پەڕی ڕەها ترسی لەخورافەو دیاردە دینی و كۆمەڵایەتی و كەسایەتیە دینینی و عەشایەری و شێخ و نازانم چی تریش هەیە. ئەمەش لەسەر ئەوەی كەهەر لەدایك بوونی منداڵەوەو زمان پژانی و فێر بوونی زمانی دایەوبابەوە فێری ئەوە دەكرێ كە ئەگەر بێتوو قسەی نابەجێ، یان جوێن بەشێخێك یان مەلایەك، یان هەركەسایەتییەكی ئاینی و عەشایەری بڵێت، ئەوا مامە فلان كەس دەمی خواردەكات و لەتەواوی دنیادا ڕسوای دەكات.

بۆیە ئەوەندە بەجدیەتەوە ئەو باس و خواسانەی بەگوێدا ئەدەن ئەویش تائەو پەڕی بڕوا، بڕوای یەقینی پێی هەیە، لەگەڵ ئەو پێشكەوتنەیش كەئەمڕۆ لەبواری شێوە ژیانی خەڵكی و بینیی دەیان ماڵپەڕو سایت و چاوكرانەوەی زۆرینەی زۆری چین و توێژەكانی كۆمەڵگا، هێشتاش كەسانێك هەنە كەباوەڕی تەواویان بەخورافیات و تێكستە دۆگماكان هەیە. هێشتاش لەزۆرجێگا خەڵكانێك هەنە باوەڕی تەواویان بەنوشتەو دوعاكانی مامە شێخ و فلانەكەس هەیە كەوەكو زنجیرێك جڵەوی ئەم كۆمەڵگایەیان گرتووە تاكو هیچ هەنگاوێك بەرەو پێش نەڕوات.

هەنوكە لەزۆربەی شوێنەكانی ئەم كوردستانەدا كەسانی ناودارو پیاوماقوڵ سەرەك عەشیرەت، فەرمان بەدەستن و تاكو خۆیان وەستابن هیچ كەسێك بۆی نیە قسەبكات و لەبەر دەمیاندا هیچ بڵێت.

بەتایبەتی مەلاكان. كەزۆربەی زۆریان چاویان بەو پێشكەوتنەی كۆمەڵگا هەڵنایەت كەخەریكە تەواوی خەڵكی بگرێتەوە، هێشتا زۆرینەی زۆریان لەگەڵ سیستەمی جیهانگیریدا نایەنەوە یەك و بەتەواوی ڕەتی دەكەنەوە و پێیان وایە گەر وڵات بەرەو گلۆبالیزم هەنگاو بنێت ئیدی كۆتایی دونیا دێت و خودا غەزەبی پڕ قینی خۆی بەسەر ئەو كۆمەڵگایەدا هەڵدەڕێژێ.

بەبێ ئەوەی زۆرێكیان هەر ئەو چەمكەش بناسن و دوكتێبیان لەبارەوە خوێندبێتەوە، تاكو بزانن مانای جیهانگیری چیەو بۆچی دەبێت ئەوان دوژمنی سەرسەختی بن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەریەكەو بەجۆرێك لەو پرۆسەیە دەڕوانێت و ڕاڤەی خۆی بۆدەكات، جا ئیدی گرنگ نیە بۆی ئەوە تەواوی ماناكەبێت یان نا.

شەوێك لەسەر یەكێ لەو كەناڵە لۆكاڵیانەی لای خۆماندا مەلایەك بەتەواوی ئینفیعال ببوو و دەیوت:"موسڵمانی نا، ئەزانن عەولەمە واتای چی؟ واتای قەحبەخانە". من زۆرم پێ سەیر بوو پیاوێكی سەردەمی تەكنۆلۆجیا ئەوە تیۆری بێت لەسەر گلۆبالیزم و جیهانگیری.

یان شەوێكی تر مامۆستایەكی تر ئەوەی بەفەساد باسكرد كەكۆمپانیای (ساناتێل) خزمەتی بەهاوڵاتیانی و بەژداربوانی خۆی كردووە لە 12 تاكو 6 ی بەیانی لەساناوە بۆسانا تەنها یەك سەنت دەڕوات. دیارە ئەوناوی كۆمپانیاكەی نەهێنا، بەڵام بەو پێیە بێت كەئاماژەی بەو چەشنە بەرنامەیەكرد تەنها ساناتێل خاوەنی ئەو خزمەتەیە. ئەو دەیوت:"ئەوەكانمان بەرەو فەسادو ئینحراف و لادان دەبات، ئەگینا كێ لەو كاتەدا كاری بەتەلەفۆن هەیە ئەگەر عاشق و مەعشووقەكان نەبێت".

ئەو خزمەتەكەی سانای بەفەسادی كۆمەڵگاو لادانی لەبەها بەنرخەكانی دەزانی، بەڵام كەی جارێك مەلایەكمان بینی باسی گەندەڵی ناحەقی ئەم ئیدارەی كوردیەی كربێت؟

لەکاتێکدا ئەو شتەی کەئەو بەفەسادی خێزانی ناوی دەبات ئەسڵەن هیچ نیە لەچاو ئەو فەسادە گەورەیەی کاربەدەستان پیادەی دەکەن.
بۆیە هیوام وایە ئیدی هاوڵاتی کورد پابەندی قسە پڕ خورافیاتەکانی پیاوەمەزنەکانی کۆمەڵگا نەبێت، ئەوەش بزانن من ناڵێم ڕێزو بەها بۆکەس دانەنرێ، چونکە بێنەزمی و نا ڕۆشنبیری دروست دەکات.
بەڵام ئەوەندە ڕێز لەکەسێك بگرە کەمافت پێشێل نەکات، ئەگەرمافت پێشێلکرا، هیچ بیانوێك بۆمرۆڤ بوونت نامێنێتەوە.

Hastiar2006@yahoo. com